بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە


# ئۆکتۆبەر

دەورەی تازە

130

10 ی نیسان/ ئەپریل 2026

## هەڕەشەی لەناوبردنی شارستانیەتێک



موحسین کەریم

هەڕەشەی ترامپ بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆسەردەمی بەرد، ئەگەر رژێمی ئێران ملکەچی داخوازیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل نەبێت و خۆی ڕادەست نەکات، نیشانەی ئەوپەڕی ملهوڕی و شەقاوەچێتی باڵاترین دەستگای فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکایە، کە لە سەردەمی قەیرانی سەختی سیستەمی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی- ئیمپریالیستی ئەمریکادا بەشێوەیەکی تایبەتی و سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا بەشێوەیەکی گشتی، خۆی نمایش دەکات!

جلّەوپچراندنی ترامپ و کابینەی حکومەتەکەی و پشتیوانی بێمەرجی ئەندامانی کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیرانی سەر بە حزبەکەی لە ترامپ و کابینەکەی، ئەوە دەردەخات کە ئەوە تەنها ترامپ و چەند وەزیرێکی توندەڕو نین هەڕەشەی لەناوبردنی کۆمەڵگایەکی ٩٠ ملیۆنی دەکەن، ئەگەر رژێم و حکومەتەکەی ئاڵای سپی لە جەنگەکەدا بۆ ئەمریکا هەڵنەکات، بەڵکو بۆرژوازی ئیمپریالیستی و ئیحتکاری ئەمریکی، لە پەلەقاژەی راگرتن و هێشتنەوەی هەژمونی خۆی بەسەر دنیادا، لە سەردەمێکدا کە بەڕوونی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی دیکەی سەرمایەداری خەریکن ئەم هەژمونیە تێکدەشکێنن، دەبێ هێزی وێرانکەری سەربازی و تەکنۆلۆژی خۆی بەکاربهێنێ کە دەیان ساڵە بە تریلیۆن دۆلاری تێدا خەرج کردوە، تا ئەو باڵادەستیەی بەسەر

بۆ لاپەڕە ٢

## ئاراستەی شەڕی ئەمریکا و ئێران و ڕەهەندەکانی!



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## شرۆڤەکارانی ناسیونالیزمی کورد بۆ پشتیوانی لە جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەن!



عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥


## تەنگەژەی ئەمریکاو ئێران و زەرورەتی ئاگربەست!



نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٦

## پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە جیهانییەکان دژی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران!



توانا محمد نوری

بۆ لاپەڕە ٧

## لایەنە کوردیەکانی ئێران لەبەردەم فرسەتێکدا..!

عوسمانی حاجی مارف... لاپەڕە ٩

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی....... هەڕەشەی لەناوبردنی شارستانیەتێک!

دنیادا کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەدەستی هێنابوو، لەدەست نەدات! ئەوەی نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەو ئەم زەرورەتە دەکات ترامپ و ترامپیزم و ئەو هێڵەیە کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن.

ترامپ بە ئاشکرا دەڵێت ئێمە باشترین چەکی وێرانکەرمان هەیە، باشترین هێزی سەربازیمان هەیە، باشترین تەکنۆلۆژیای جەنگی و سەربازیمان هەیە! ئەم قسانە رووی لە روسیا و چینە نەک ئێران.

هەڕەشەی وێرانکردنی ئێران، پەیامە بۆ چین و روسیا کە بیر لەوە نەکەنەوە دەوری پۆلیسی جیهان لە ئەمریکا وەربگرنەوە! خەرجکردنی تریلۆن دۆلار بۆ بودجەی سەربازی و کردنەوەی سەدان بنکەی سەربازی ئەمریکا لە پانتایی دنیادا، لە ووشکانی و لە دەریا و زەریاکاندا، بەرپاکردنی دەیان جەنگ لەمسەری دنیا تا ئەوسەری، دروستکردنی ئاژاوەو دەستێوەردان لەکاروباری سیاسی دەیان وولاتدا، سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر هەر وولاتێکدا کە ملکەچی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا نەبێ، پشتیوانی بێدرێغی لە رژێمی زایۆنیستی منالکوژی ئیسرائیل و.... تاد. هەموو ئەمانە بۆ پارێزگاریکردنە لە باڵادەستی سەرمایەی مۆنۆپۆلی ئەمریکی بەسەر ئابوری دنیادا لەپاڵ سەپاندنی هەژاری و بێمافی ئابوری بەسەر چینی کرێکاری و جەماوەری کەمدەرامەتی ئەمریکادا.

دەیان ساڵە ئەمریکا بەهێزی چەک و ملهوڕی سەربازی هەوڵی رێگریکردنی لە لێژبونەوەی باڵادەستی خۆی کردوە، ئێستا دواهەمین ساتەکانی ئەو قۆناغەیە. هەم جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی دیکە سەریان بەرزکردۆتەوەو کۆتایی باڵادەستیی ئابوری- سیاسی- سەربازی و تەکنۆلۆژی ئەمریکا و سەرمایەی ئەمریکی دەستی پێکردوەو هەم لەناوخۆی ئەمریکاشدا، دەنگی کرێکارو زەحمەتکێش بەرامبەر بە ئۆلیگارشی بۆرژوازی بەرزتر بۆتەوەو نایانەوێ چەندین دەیەی دیکە باڵادەستی سەرمایە و کۆمپانیا ئەمریکیەکان بەسەر ئابوری و بازاری جیهاندا لەسەر حسابی برسێتی و بێخانەولانەیی و بێخزمەتگوزاری تەندروستی و بیمە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوان بچێتەپێشەوە!

ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەنێوان دووڕێیانێکدا گیریان کردوە. بەکارهێنانی هێز بەرامبەر بە نەیارە لاوازەکان، بۆ ترساندنی نەیارە بەهێزو سەرەکیە ئیمپریالیستیەکانی بووەتە زەرورەت، بەڵام ئاکامەکەشی دەکرێ زۆر زیانبەخش و مەترسیدار بێت بۆ خودی ئەمریکا! ئەمریکا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیلدا تەواوی هێزی خۆی، بێجگە لە ئەتۆمی دژی ئێران بەکارهێناوە. وەکو خۆیان دەڵێن هیچ ئامانجێکی سەربازی نەماوە کە وێرانیان نەکردبێت. بەشێکی بەرچاوی سەرکردە پلە یەکەمەکانی رژێمی ئێرانیان کوشتوە، بەڵام هێشتا رژێمی ئێران تەسلیم نەبووەو بەرگری دەکات!

ئەنجامدانی هێرشی زەمینی بۆسەر ئێران قومارێکی خەتەرناکە بۆ ئەمریکاو ئەگەری دەرچوونی بەسەلامەتی لێی نیە، بەتایبەتی کە هەردوو روسیاو چین، ئەگەر ئەمریکا کارێکی لەوجۆرە بکات، هەوڵ دەدەن لەناو زەلکاوی جەنگی ئێراندا گیری بکەن!

ئەوەی ماوەتەوە بۆ ئەمریکا وەکو زلهێزێکی ئیمپریالیستی و بۆ ترامپ و کابینەکەی، یان دەبێ ئێران و رژێمەکەی قبوڵ بکەن و سازشی لەگەڵ بکەن، یان دەبێ ئاخرین کارتی هێزیان دژی ئێران، واتە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، راکێشن.

ئەوەش تەنها ئەگەرێکە کە دەکرێ لەناو دێڕەکانی قسەکانی ترامپدا بۆ گێرانەوەی ئێران بۆسەردەمی بەرد، دەربکێشرێت!

ئەگەری یەکەم مانای ملدانی ترامپ و دەستەی فەمانڕەوای ئەمریکاو بۆرژوازی مۆنۆپۆلی ئەمریکیە بەو واقعیەتەی کە ئیتر سەرمایەی ئەمریکی ئابوری یەکەم و دۆلاریش پادشای دراوی جیهانی نیە! دەوری پۆلیسی جیهانی ئەمریکاش بەرەو کۆتایی دەچێت. ئەگەری دووەمیش مانای کێشکردنی جیهانە بۆناو شەڕێکی وێرانکەر کە هیچ کەسێک ناتوانێ پێشبینی ئاکامەکانی بکات!

تەنها یەک هێزی دیکە، یەک بزوتنەوەی دیکە، دەتوانێ هەموو ئەو ئەگەرانە قلپ بکاتەوە و ئاراستەیەکی دیکە بخاتەبەردەمی مرۆڤایەتی، ئەویش چینی کرێکاری جیهانی و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و مرۆڤدۆستی جیهانە کە هەرئێستا بەرامبەر بە جەنگ و ملهوڕیەکانی ئەمریکاو جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی خەریکە پشتی راستدەکاتەوە و بەرەو ئەوەدەچێت نمایشی هێزی خۆی بکات!

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ئاراستەی شەڕی ئەمریکا و ئێران و ڕەهەندەکانی!

عوسمانی حاجی مارف

بەدرێژایی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، توانیویانە زیانی گەورەی بەرچاو بە ئێران بگەیەنن و ژێرخانی ئابوری وێران بکەن، هەروەها توانیان زۆرینەی کەسایەتیە سیاسی و سەربازیە پلە باڵاکان تیرۆربکەن، کۆگای مووشەک و توانای بەرهەمهێنانی ئێرانیان کەمکردۆتەوە و چەندین کەشتی جەنگیان لەناوبردووە. لەئێستادا، تاران بەردەوام تۆڵەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هێرشی مووشەکی ئاراستەکراو، بۆ سەر ئیسرائیل و دامەزراوە سەربازیەکانی ئەمریکا، لە ناوچەکە و وڵاتانی کەنداوادا کردۆتەوە.

ئەوەی بەرچاوە، دوای مانگێک زیاتر لە دەستپێکردنی هێرشە سەربازیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، پاش چەند هەفتەیەک لە هێرشەکانی ئێران و خۆراگریان، ئاسۆیەکی سەرکەوتنی خێرا و یەکلاکەرەوە، بۆ کۆتایی جەنگەکە کاڵ بووەتەوە و دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزی نیشانداوە.

ئاراستەی دەرچوون لەم شەڕە، بەڕێگەی دیپلۆماسی و دانوسان، لە نزیک ماوەدا تاریک دەردەکەوێت، چونکە واشنتۆن و تاران کەوتونەتە بەر ئەو گێژاوەی کە دەبێت فشارێکی زیاتر بخەنە سەر یەکتر، بەتایبەی ئەمریکا و ئیسرائیل، پێویستیان بەوەیە پتەوتر کاربکەن لەسەر هەڵمەتی سەربازی زیاتر و بەردەوامی و ئامادەسازی بۆهێزی زەمینی، تا تەواو لەسەر لایەنی بەرامبەر کاریگەری ڕادەستبون دروست دەکەن، بۆئەوەی پاساو بۆ ئامانج و نەخشە سیاسیەکانیان لە ناوچەکە بەرجەستە بکەنەوە، بەتایبەتی ئێران دوای داخستنی گەروی هورمز، ڕێڕەوی شەڕەکەی لەبەرامبەر ئەمریکادا خستە دۆخێکی تازەی ئاڵۆزترەوە. بۆیە ترامپ ناچارە کە لەئێستادا، بیر لە جێگیرکردنی هێزی زەمینی بکاتەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی دوورگەکانی ئێران، بۆئەوەی تاران ناچار بکات گەرووی هورمز بکاتەوە!، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمریکا ئەم کارەی بۆ دەکرێت؟.

شایانی باسە دەسەڵاتی ئاسمانی، دەتوانێت تواناکان تێکبدات و لاوازی بکات و ژێرخانی ئابوری بشێوێنێت، بەڵام ناکرێ وەک هێرشی زەمینی و داگیرکاری، کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەبێت بۆکۆتایی شەڕەکە، دەبینین تائێستا شەڕی ئاسمانی لە ناوخۆی ئێراندا بێتوانایە لە سەپاندنی مەرجەکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، بۆیە کاتێک ئەم شەڕی ئاسمانیە، ئەمریکای لە بنبەستێکدا ڕاگرتووە لەبەدەستهێنانی ئامانجەکانی و ڕاگەیاندنی سەرکەوتن، بەناچاری پێویستی بە هێزی زەمینی دەبێت، کاتێک ئەم ئاستەنگیە لە چەقبەستبوندایە و تەنها بەهێزی ئاسمانی تێپەڕێندراوە، سروشتی بنەڕەتی ململانێکان دەگۆڕێت بۆ ئاستێکی تر لەبەردەوامی شەڕەکە، بۆیە شەڕی زەمینی ئەگەرێکی دوور نیە!، بەڵام دۆخەکە وەها دەردەکەوێت، هێزی زەمینیش سەرکەوتنی ئەمریکا مسۆگەر ناکات.

بەجیا لەوەش لە ماوەی ڕابردوودا، گفتوگۆ سەبارەت بە ئەگەری شکاندنی بنبەستی دیپلۆماسی و دەستپێکردنی دانوستانەکان ڕوویداوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیە بەرفراوانەکانی نێوان هەڵوێستەکانی واشنتۆن و تاران، ئاماژەیە بۆئەوەی ئایندەی شەڕەکە دیار نابێت، پێدەچێت پەرەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە بگرێت .بۆ ئەمریکا ئەم پەرەسەندنە، دەتوانێت بریتی بێت لە جێگیرکردنی هێزەکانی لەسەر خاکی ئێران، یان بۆ ئێرانیش ڕێگریکردنە لە بەردەوامی بەکارهێنانی گەرووی هورمز و ئامادەیی بۆ بەرەنگاربونەوەی هێزی زەمینی ئەمریکا!، واتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا شەڕەکە دەچێتە قۆناغێکی تەواو مەترسیدارترەوە.

پێموایە واشنتۆن سەرکەوتنە سەربازیە سەرەتاییەکانی، لەڕێگەی هێزی ئاسمانیەوە، بە هەڵە لێکدایەوە، ڕاستە ئێران خامەنەیی و فەرماندە سەربازیەکانی و ژێرخانی ئەتۆمی و سەروەت و سامانی بەرگریی و ژێرخانی ئابوری لەدەستدا، بەڵام پرسیارە چارەنووسسازەکە ئەوە نەبوو کە ئایا دەکرێت زیان بە ئێران بگەیەنێت، بەڵکو ئایا ئەو زیانانە، حکومەت ناچار دەکات خۆی ڕادەست بکات؟ کە تائێستا توانای خۆڕاگری ڕژێمی ئێران حاڵەتێکی لەوچەشنەی نیشان نەداوە و بەردەوامن لە خۆڕاگری.

لەهەمانکاتدا ئەگەر دامەزراوە سەربازیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی فشارێکی بەردەوام ببنەوە، ئەوا تێچووی پاراستنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە، ناردنی هێزی زەمینی بۆ ناو ئێران، مەترسی سیاسی و سەربازی بەرچاوی هەڵگرتووە و دەشێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی بێوێنەی ململانێکان. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، بەرپرسانی ئەمریکا، تائێستا لەباری عەمەلیەوە هەستیارن بەرامبەر هەر نیازێک بۆ بڵاوەپێکردنی هێزی

زەمینی، یان دەربارەی چۆنیەتی دارشتنی نەخشەی هێرشبردن، ئەوەی زیاتر دەنگۆی لەسەرە، هەوڵە بۆ داگیرکردنی جەزیرەکانی ناو کەنداو، کە دوو نیاز لە خۆ دەگرێت؛ یەکەم: بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوتی جەزیرەی خارک، دووەم: بۆ کردنەوەی گەروی هورمز، ئاشکرایە کە ئەم هەوڵە ماوەی شەڕەکە درێژتر دەکاتەوە.

لەکاتێکدا شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ئێران بەردەوامە، تا ئەگەر بگات بە ،شەڕی زەمینیئاکامی کۆتایی ئەم ململانێیە هێشتا هەر نادیارە، لە نێوان لێدوانە سەرەتاییەکانی ترامپ، کە تیایدا بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە هیچ نیازی گۆڕینی ڕژێمی ئێرانی نییە، ڕاگەیاندنەکانی ئەم دواییەی کە هاوتەریبن لەگەڵ هەڵوێستی ئیسرائیل بۆ تێکدان، یان تەنانەت گۆڕینی ڕژێم، وا دیارە ئیدارەی ئەمریکا ستراتیژێکی ڕوونی نییە، نەک تەنها بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، بەڵکو بۆ بەرقەرارگرتنی ئاشتی لە ناوچەکەدا. پێدەچێت ئەم سەرلێشێواویە، لە قۆناغی داهاتوودا توندوتیژی و ناسەقامگیری زیاتری لێبکەوێتەوە.

ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا شەڕی ئاسمانی و زەمینی، لە دژی عێراق دەستپێیکرد، بە بیانووی ئەوەی کە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژیە، ئەمەش ئیدیعایەکە دواتر سەلمێندرا کە درۆیە، هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و پارتی بەعس، بوە هۆی بۆشاییەکی بەرچاوی سیاسی و ئەمنی، کە تا ئەمرۆش عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بە واتایەکی تر، لاوازبوون یان گۆڕینی ڕژێمەکان بەبێ پلانی ڕون، بۆئەوەی چی لە دوای ئەوەوە دادەمەزرێت، گومانی تیانیە کە دەبێتە هۆی ئاژاوەو گێژاوی سیاسی وکۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابوری، کە بنەما کۆمەڵایەتیەکان لێک دەترازێنێت، لەهەمانکاتدا فرسەت ئەدات، بە پێکهێنانی هێزی میلشیایی و مافیایی و تاڵانچێتی.

ئێران نەک ڤەنزوێلا نییە، ناکرێت بە نمونەی عێراقیش وێنا بکرێت، چونکە سیستەمێکە لەسەر بنەمای سوپای پاسداران و دامەزراوەی ئایینی، بە پتەوی و توندوتۆڵی دامەزرێنراوە، سیستەمێکە کە بە قوڵی لەناو بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێراندا چەسپاوە، تەنیا بە ئامانجگرتنی سەرکردایەتیەکەی ناگۆڕدرێت. دەبینین سەرەڕای تیرۆرکردنی زۆرینەی سەرکردایەتیەکەی، بەڵام ڕژێم لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە و بەردەوامی بەشەڕەکە ئەدات.

ئێران پێویستی بەوەنیە لەم شەڕدا، بە هێرشی سەربازی سەرکەوتنێکی یەکلایکەرەوە بەسەر سوپای ئەمریکادا بەدەستبهێنێت، کە کارێکی لەوچەشنەی بۆناکرێت، بەڵام پێویستی بەوەیە بە خۆڕاگری و بەردەوامیدان بە شەڕەکە، ئەمریکا و ئیسرائیل بخاتە دۆخێکی چەقبەستوەوە و بەو ئاکامەیان بگەیەنێت، کە بە بنبەستی حەتمی ڕوبەڕوببنەوە، کە سەرەتاکانی ئەم دۆخە چەقبەستوە و دەرگیربونیان، لەئێستاوە بە ڕوخساری ئەمریکاو ئیسرائیلەوە دەردەکەوێت.

پێشبینی دەکرێت کە هەڕەشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل، بەتایبەتی هەڕەشەی ترامپ بەوەی ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ چاخی بەردین، پەرەپێدانی ڕوبەڕوبونەوەکانیان لەبەرامبەر ئێراندا، بۆ هەڵمەتێکی هەمەلایەنەی لەناوبردن، کە ژێرخانی ئابووری و ئیمکاناتە گرنگەکان دەکەنە ئامانج، ئاراستەکەیان پاڵنانی وێرانکاری تەواوی ئێرانە بۆ لێواری دارمان. هەروەها کۆشکی سپی ئاماژەی بەوەکردوە، ئەگەر ڕێکەوتنێک نەکرێت، بە توندی لە هەر یەکێک لە وێستگەکانی کارەبا ئەدەن.

وەزیری بەرگری ئیسرائیل کاتز، هەڕەشەیەکی توندی ئاراستەی ئێران کرد و سوێندی خوارد، ئەگەر هێرشە مووشەکیەکان کە ناخی ئیسرائیل دەکەنە ئامانج بەردەوام بن، تارانی پایتەخت بۆردومان بکات. تەلئەبیب فشار دەخاتە سەر ترامپ، بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی "کورت و بەهێز" پێش هەر دانوستانێک لەگەڵ ئێراندا.

سەرەڕای ئەو هاوبەشیە سیاسی و ئابووریانەی، کە ئێران وەک هاوپەیمانیەک بە هەردوو وڵاتی ڕووسیا و چینەوە دەبەستێتەوە، بەڵام نەبوونی ئەوان لە پێشکەشکردنی پشتیوانی سەربازی ڕاستەوخۆ، لەنێوان ئەو پەرەسەندنەی جەنگی ئێستادا، دوورکەوتنەوەیانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئەمریکادا، درێژنەکردنەوەی ململانێکانە بۆ جەنگی جیهانی.

ئێران گۆشەگیر بووە و شەڕێک دەکات بۆ مانەوەی خۆی، چین و ڕووسیای هاوپەیمانی هێرشەکانی سەر ئێرانیان شەرمەزار و سەرکۆنە کردووە، خوازیاری کۆتاییهێنانن بە شەڕ و پێکدادانەکان، بەڵام خۆیان لە پشتیوانیە سەربازیە بەرچاوەکان بەدوور گرتووە. جگە لەوەش پێدەچێت هەردوو روسیا و چین، لە ڕوی ستراتیژەوە سودیان لەوەدا هەبێت، کە ئەمریکا زیاتر بە سەرقاڵی شەڕەکەوە بمێنێتەوە، بەم شێوەیەش ستراتیژی ئەمریکا، بۆ هەوڵی باڵادەستی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەرامبەر شکستی گەورەدا خۆی ببینێتەوە.

☆

**کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل دژ بە ئێران دەستبەجێ و بەبێ هیچ مەرجێک خواستی مرۆڤایەتی ئازادیخوازو هەر هێزیکی سیاسی مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازو کرێکاریە! ئەم شەڕە لە پێناو هەژمونخوازی ئەمریکاو ئیسرائیلە لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕاستەوخۆ دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی ئێران و ناوچەکەوەیە و کارەسات و وێرانکاری هەڵتەکاندنی هەموو بنەماکانی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا دەهێنێ و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێرانیش دژ بە ڕژێمی ئیسلامی پاشەکشە پێدەکات!**

# شرۆڤەکارانی ناسیونالیزمی کورد بۆ پشتیوانی لە جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەن!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ئەگەر سەرنج بدەینە لێدوان و شرۆڤەکارانی ناسیونالیزمی کورد لە پەیوەند بە جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ئیران، ئەوا دەتوانین بلێین زوربەی هەرە زۆری نووسەر و لێکۆڵەر شرۆڤەکار و دیدی زاڵی ئەو بەرنامانەی بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکان، ئامانجەکان، لێکەوتەکان، ئاییندی جەنگ و ئاکامەکانی جەنگ، تەرخان کراون، لە بەرەی بەرگری لە ئەمریکا و ئیسرائیلدان.

دیارە گومان لەوەدانییە کە رژێمی ئاخوندەکانی سەرمایە لە ئیران، یەکێک لە هارترین و سەرکوتگەرترین رژێمی سیاسییە، کە سەرچاوەی هەلاواردن و بیمافی و گرانی و بیکاری و نەبوونی و پایماڵکردنی سەرەتاییتری مافەکانی مرۆڤە. بەرگریکردن لەم رژێمە، بەرگریکردنە لە رژێمێک کە نزیک بە پینج دەهەیە، ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و خەڵکی بێبەشی ئیرانی کردۆتە دۆزەخ، هەموو داواو داخوازییەکی سیاسی و ئینسانی و سەرەتاییترین ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەلایەتی و مافە فەردی و مەدەنییەکانی بە توندترین شیوە وەلامداوەتەوە، سەنگسار و سێدارە و سەرکوتی سیاسی بۆتە ناسنامەی ئەم رژێمە، بەلام کارنامەی ئەم رژێمە کە سەرچاوەی لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و سەرمایەداری ئیراندایە، رەوایەتی نادات بەهیچ ولات و دەولەتێکی تر، لە ژێر هیچ پاساوێکدا، هیرشی سەربازی بکاتە سەر خەڵکی ئیران و ژێرخان و بنەماکانی ئەم ولاتە و سەرچاوەکانی وزە لەبەین بەرێت و شەلم کوێرم بەر بێتە گیانی خەڵکی ئێران و وێرانی بکات. روبەڕووبونەوەی درندەیی و سەرکوتی رژێم و بەدیهێنانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و مافی رەوای پیشێلکراوی سیاسی خەڵک، کاری خودی خەڵکی ئیران و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، بزوتنەوەیەک کە تەمەنی روبەڕووبونەوەی هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەسەلاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی.

ئەمریکا و ئیسرائیل وەکو دوو دەولەت کە هەم لە جینۆسایدی ئینسان و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کاولکاری و جەنگ وەریخستن و دەستوەردانی سیاسی لە ئاستی دنیادا، وێنەیان نییە، فریادرەس نین، هەلگری ئالای رزگاری هیچ ماف و خواستێکی سیاسی و کۆمەلایەتی لەهیچ گۆشەو کەنارێکی دنیادا نیین و نەبوون. بۆ رزگاری خەڵک لە دیکتاتۆریەت و سەرکوت و بۆ خستنی دیکتاتۆرەکان دەستوەردان و جەنگ وەێ ناخەن، بۆ بەرگری لە پرانسیپە ئینسانی و تەنانەت بۆ بەرگری لە پەیماننامەو بەلگەنامەو ریکەوتنە جیهانیەکان کە خۆشیان واژۆیان کردووە، جەنگ ناکەن و دەستوەردانی سیاسی و ئابوری و سەربازی ناکەن، رۆڵی دەولەتی ئەمریکا و هاوشیوەکانی لە روسیا و چین و رۆڵیک نییە بۆ بەرگری لە ئینسان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و هینانی ئاشتی و ئاسودەیی و ئارامی. هەموو جەنگەکان و دەستیوەردانەکانیان لە ئاستی دنیادا جگە لە کارەسات و کاولکاری و بەرگری لەو رژێمانەی دەستیان تا ئەنشیک لە خوێنی هاولاتیاندا سور بووە، کارێکی تر نەبووە، ئەوان بەدوای بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسی و ستراتیجیەکانی خۆیانەوەن، بۆ بالادەستی و دزینی دەسترەنجی چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت. ئەم بلۆک و جەمسەر جیهانیانەی سەرمایە دریغیان لە چوونە پشت رژێمە دیکتاتۆرەکان، کۆنەپەرستەکان لە لایەک و بۆ وەستانەوە بەرووی شۆرش و جولانەوە ئازادیخوازەکان نەکردووە. تاڵیبان و ئەحمەد شەرعەکان و هیزگەلی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئەولادی شەرعی ئەمریکا و غەربن. خودی خومەینی دیاری و ئەولادی شەرعی ئەمریکا غەرب و کۆنفرانسی گوادلۆپی فەرەنسایە بۆ سەرکوتی شۆرشی ئێران. تاڵیبان دیاری دوبارەی دەستی ئەمریکایە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا، دوای ٢٠ ساڵ لەجەنگ لە دژیان. ئەحمەد شەرع ئەولادی شەرعی دیموکراسی و ئەمریکا و غەربە. عیراقی ژێر سایەی دەستەجاتی قەومی و دینی و مەزهەبی و دەیان سەدام حسێنی بچکۆلە، دیاری جەنگی ئەمریکاو غەربە.

بەو راستییە ئەزموونکراوانەوە، زوربەی نووسەری و شرۆڤەکار و چاودێری سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی لە جەنگی ئیستادا بە زمانی نۆکەر پیشەکانی جەنگ و مۆلەتپیدراوەکانی کۆشکی سپی و ئیسرائیلەوە دەدوێن و شرۆڤەی رۆژانەی جەنگ دەکەن. هۆکار و پاڵنەری پشت ئەوەش بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی ریکخراوەی و تەلاری حزبدان، ئەوەیە کە سەرباری نیگەرانی رەخنەی کرچ و کاڵ و روکەشیان لە دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، لە هەمان بازنەو

چوارچێوەی ئاسۆی بزوتنەوەی کوردردایەتیدا پەل و پێ دەکوتن. بەشێکیشیان خۆیان پارچەو ئامێری ئەو هێزە تالانچی و مافیایی و بنەماڵەیین و بەرگری لەو دەسەلاتە دەکەن.

دید و روانگەی ئەم خێڵە!! لە نووسەر و شرۆڤەکارانی سیاسی، لەئاسۆی سیاسی بزوتنەوەی ناسیونالیست و نەتەوەپەرستی کورد واوەتر ناڕوات. بۆیە پارچە پارچە بوونی هەزاران ئینسان و منالی تازە چرۆکردوو، وێرانبوونی ولاتیک و ئایندەکەی و دارمانی هەموو شتێک تەنها بەو هۆکار و پاڵنەری نەتەوەپەرستی پاساو دەدەن و بەکردەوە رەوایەتی بە جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لەدژی ئێران دەدەن و تەنانەت ئامادەن رۆژانە درۆ بهۆننەوە بۆیان. بڕوایان بە چارەسەری پرسی کورد و خەڵکی کوردستان، لە ڕێگای شۆڕش و بەرەنگاری شۆرشگێرانە، هاوپشتی و هاوچارەنووسی لەگەڵ خەڵکی ناکورد زمان نییە و تەنانەت بڕوایان بە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان بۆ دەستراگەیشتن بە مافە سیاسییەکان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان نییە، لە جێگای ئەوە ئومێدیان بە بۆمب و چەکی وێرانکار و کەشتی جەنگی و تەنانەت چەکی ئەتۆمی هەیە بۆ ڕزگاری... ئەو لێکدانەوە و شرۆڤانەی لەم جەنگەدا دەیکەن بەشیکی تر و دیوێکی تری بۆمب و وێرانکارییە، کە پێچەوانەیە بە هەموو بەهایەکی ئینسانی و ئازادیخوازنە و دژە جەنگە، کە بەشیکی یەکجار زۆر لە خەڵکی دنیا و نووسەر و شرۆڤەکاری ناوخۆی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی وەستاونەتەوە و بەئەرکی خۆیانی دەزانن راستیەکانی جەنگ و ئامانجەکانی لە ژێر تەپ و تۆزی میدیای رەسمی و کرێگرتە دەربهێنن.

بەڵێ بەشی هەرە زۆری نووسەر و شرۆڤەکارانی ناسیونالیزمی کورد، پشتیوانی لە جەنگ و وێرانکاری لەدژی خەڵکی ئێران دەکەن و بەزمان و دیدی جەنگخوازی ئیسرائیل و ئەمەریکا دەدوێن. رەوایەتی بۆ پاساوە پوچەکانی جەنگ دەهێنەوە. مامۆستایانی زانکۆی شرۆڤەکار، نەک تەنها پشتیوانی لەوە دەکەن کە ژێرخانی ئابوری و سەرچاوەکانی نەوت و وزە وێران بکرێن، بەڵکو ویژدانی تۆپییان رێگەیان پێدەدات، داوای ئەوە بکەن کە ئاو و کارەبا و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی وخەستەخانە، باخچەی ساوایان و نان و قوتی خەڵکی بێدەرەتانی ئێران، وێران بکرێت... تا گوایە لەو رێگایەوە "رەگی هاری" هاولاتیان بجولێت و بێنە سەرجادە و خواستی ترەمپ و نەتانیاهۆ بۆ دەستبردن بۆ راپەرین!!، مەیسەر ببێت. بێئاگا لەوەی ئینسانی ژێر سایەی چەک و شەڕ و بۆمباباران و وێرانکاری، تاکە ویستی دەبێتە مانەوەی فیزیکی و جەستەیی و پارێزراوبوونی ماڵ و حاڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونی. ئەم بەشە لە ویژدان تۆپیوانی جەنگ جگە لە پوچی لێدانەوە و شرۆڤەکانیان، جگە لە کورتبینی و توتی ئاسا وتنەوەی لێدوانی تۆمەتبارانی جەنگ و دەزگای پان و پۆڕی راگەیاندنیان بۆ وێرانکردن و شێواندنی رای گشتی، لە دیدی ئەوەی لەوانەیە "کورد" کە مەبەستیان بەشداری نوێنەرانی بۆرژوازییە لە دەسەلاتی داهاتووی ئێستا و داهاتووی ئێراندا، دەرفەتی بەشداری لە دەسەلاتیان بەنسیب بێت. بەو لۆژیکە نائینسانییەوە لاشەی هەزاران ئینسانی لە خوێن هەڵکێشراوی ژێر خانوو و باڵەخانەی داروخاودا نابینن، کاولکاری و وێرانبوون نابینن. بەهەزاران ئینسانی بێدەست و قاچ و کەم ئەندامی بۆمب و ساروخەکان نابینن. وێرانبوونی کۆمەڵگەیەک و داهاتوویەکی سەخت نابینن. بۆیە ستایشی جەنگ و بەردەوامییەکەی دەکەن و هەر ئێستا قەڵسن لەوەی ئاگر بەستێک هاتوتە ئاراوە.

٩/٤/٢٠٢٦

# تەنگەژەی ئەمریکاو ئێران و زەرورەتی ئاگربەست!

**نوری بەشیر**

بەدوای نزیک بە ٤٠ رۆژ جەنگی خوێناوی و کاولکاری ئەمریکاو ئیسرائیل بۆسەر ئێران، بە ئاگربەستی دوو هەفتەیی گەشتن. بەدوای دە رۆژ لە جەنگەکەدا، ئەمریکا لێدانی کاریگەری لە سەرانی جمهوری ئیسلامی دا بەتایبەت لەوانە کوشتنی خامنەئی کە کەسی یەکەم و بڕیاردەری هەموو شتێک بوو، وە پێیوابوو جمهوری ئیسلامی ئێران دەروخێت!، بەڵام ئەمە نەک رووینەدا، بەڵکو رژێمی ئێران دامنەی جەنگەکەی بۆ ناوچەکە فراوانکردەوە، لەولاشەوە نارەزایەتی ئازادیخوازانی جیهانی بەڕووی ئەمریکادا فراوان بۆوەو هەتا ناو کۆنگریسی ئەمریکاو خودی حزبەکەی خۆدی ترامپیشی گرتەوە، بۆیە لێرەوە تەنگەژەیەکی گەورە رووی لە ئەمریکاش کرد.

بە نیسبەت جمهوری ئیسلامیەوە کە ئەم جەنگەو جەنگی ١٢ رۆژەی نەدەویست و هەر دەیویست وەک ٤٧ ساڵی رابردوو، پروپاگەندەی دژی ئەمریکاو ئیسرائیل بکات و ئەمریکا بەشەیتانی گەورە ناوزەد بکات و بانگەشەت سڕینەوەی ئیسرائیل بکات، و لە ڕێگای بەرەی مقاوەمەوە لە لوبنان، فەلەستین، یەمەن، سوریاو عێراقەوە ئیدامە بەژیانی نەگریسی خۆی بدات، ئەمیش بەجیا لەوەی کە نەخشەیەکی گەورەی دەست پێکرد لە فراوانکردنەوەی دامنەی شەڕەکە بۆ ناوچەکە، کە کاریگەری دانا لەباری سیاسی و ئابوریەوە لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا، بەڵام تەنگەژەکەی کەمتر نەبوو لە

هی ئەمریکا، ئەمە وایکرد هەردولایان واتە هەم ئەمریکاو هەم ئێران بە شوێن ڕێگایەکدا بگەڕێن بۆئەوەی لەم جەنگە دەرچن، بەڵام بە شکست بۆیان حساب نەکرێت.

ئەوەتا ئێستا کە بریاری ئاگربەستی ٢ هەفتەیی دراوە، لەسەر پێشنیازی ١٥ خاڵی ئەمریکاو ١٠ خاڵی ئێران، بریارە رۆژی هەینی ١٠ی ئەپریل لە پاکستان دابنیشتن، بەڵام هەر یەکەیان هاتوهاواری ئەوە دەکەن، کە لە جەنگەکەدا سەرکەوتون و هەریەکەیان بەم دەستکەوتانەیانەوە دەچنە دانیشتن، ئەمانە جیا لە چەواشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هیچی تر نیە، کە نازانرێ ئایا ئەم دوو لیستە جیاوازە چی هاوبەشی تێدایەو چۆن کۆیان دەکاتەوەو ڕێکیان دەخات.

بۆ ئەمریکا ئەو دەستکەوتەی کەباسی دەکات کردنەوەی گەرووی هورمزە، وەکو ئەوەی ئەم گەرووە ٤٧ ساڵە داخرابێت و ترەمپ و حکومەتی ئەمریکا بەم هەموو هێزە زۆرەی هێناویەتیە ناوچەکە، بە کاولکردنی ژێرخانی ئابوری و کوشتارو ئاوارەیی و ترس و دڵەراوکێی کۆمەڵگەیەکی زیاتر لە ٩٠ ملیۆنی و نائارامی و ترس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەرووی هورمزی بکاتەوە.

بەڵام بەراستی ئایا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەم جەنگەدا، لە ئیسرائیل و سعودیەو قەتەرو ولاتانیکی تر، هێرشیان بۆسەر ئێران بۆ گەرووی هورمز بوو، یان ئەوەبوو کە رژێمی جمهوری ئیسلامی ئێران ڕێگربوو لەبەردەم سیاسەتی ئەو هێزانەو لە پێشیناوە ئەمریکا لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێدا؟

ئایا بەم ئاگربەستە کە هێشتا دیار نیە دەگەنە چ ئەنجامێک لە ڕێکەوتن یان درێژەی جەنگ بەشێوەی تر، وەڵامی ئەو سیاسەتە دەداتەوە کە ئەمریکا بەشوێنیەوەیەتی، کە بۆی گرنگ نیە هەموو خەڵکی نەک تەنها ئێران ناوچەکەش لەژێر هێرشەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل و ئێراندا بکەنە قوربانی و مەدەنیەتی کۆمەڵگە نەهێڵن و وەک ترەمپ دەڵێت کۆمەڵگەی ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ چاخی بەردین.

ئەم ئاگربەستە ئەگەر بەرێکەوتن بگات یان نا، بەڵام بەڵای شەر بەسەر سەری خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە کۆتایی پێناهێنیت! بەڵام راستیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە هەر حاڵەتێکدا، نە جێگاوڕێگای ئەمریکا وەک جەمسەرێکی جیهانی لەناو دنیای چەند جەمسەری ئەمرۆدا کە دەیویست جێگاوڕێگایەکی گەورەی هەبێت، وە کۆکردنەوەی ئەوروپا لەدەوری سیاسەتی خۆی نەک ناتۆ، وەک خۆی نامێنێتەوە، وە جێگاوڕێگای جمهوری ئیسلامیش بەهەمانشێوە ناگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی ٤٠ رۆژە.

ئەگەر لە ئاگربەستیاندا ڕێکبکەون کە بەپێی ئەو پێشنیازانەی هەریەکەیان هەیانە، لەوە دەچێت کەمتر بگەنە ئەوە، وە هەریەکەیان چەند هەڵای سەرکەوتن بکات، تەنیا سەرکەوتنیان لەبەرامبەر خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی ئێراندایە، هەم ئەمریکا جڵەوی بۆ شلدەکات بۆسەرکوت و کوشتار، هەم جمهوری ئیسلامیش لەمرۆی ئاگربەستەوە بۆ سەرکوتی ناوخۆی ئێران خۆی ئامادە دەکات.

بەهەرشێوەیەک نەمانی بەڵای جەنگ بۆ خەڵک، لەبەرژەوەندی خەڵکی ئێرانە، هەرچۆن بێت لاچونی بەڵای ترس و کوشتارو ئاوارەیی و داروخانی ژێرخانی ئابوری و مەدەنیەتی کۆمەڵگایە، دەرگایەکە بەرووی خەڵکدا کە بتوانن بەرامبەر رژێمی درندەی جمهوری ئیسلامی ئێران دەستبکەنەوە بە خەبات و نارەزایەتی خۆیان کە نموونەیەکی بزوتنەوەی پێشکەوتوو بوو لەناوچەکەدا بەدژی کۆنەپەرسترین و درندەترین رژێمی ئیسلامی لەناوچەکەدا، بێگومان لەهەلومەرجێکی وادا ریزی سەدان ملیۆنی ئازادیخوازی، مرۆڤدۆستی، کرێکاری و کۆمۆنیستەکانی دنیا لەپاڵ خەڵکی ئێراندایە، وەک ئەوەی لەپاڵ خەڵکی فەلەستین و کۆبانی و ئێراندا بووەو هەیە لەدەورەی رابردوو و ئێستادا.

با هەموو پێکەوە بەدژی جەنگ و کوشتارو کاولکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و رژێمی زیندان و لەسێدارەدانی جمهوری ئیسلامی رابوەستین.

# پەرەسەندنی نارەزایەتییە جیهانییەکان دژی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران!

توانا محمد نوری

هێرشی راستەوخۆی ئەمریکا-ئیسرائیل بۆسەر ئێران لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦ دەستپێیکرد، ئەم هێرشە جیهانی خستە ناو قۆناغێکی زۆر مەترسیدار. ئەم شەرە، بووەتە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی گەورەی نارەزایەتی لە رۆژئاوا و تەنانەت لە ناوخۆی ئیسرائیلیش. خەڵک ئیتر بۆ ئەوە نایەنە سەر شەقام کە رێگە لە شەر بگرن، بەڵکو دەیانەوێت ئەو ئاگرە بکوژێننەوە کە خەریکە هەموو ناوچەکە و ئابووری جیهانیش دەسوتێنێت. بەپێی داتاکانی پرۆژەی داتای شوێنی ململانێ و رووداوە چەکدارییەکان((ACLED لە نێوان ٢٨ی شوبات و ٦ی ئازاری ٢٠٢٦، زیاتر لە ٩٩٠ خۆپیشاندان لە هەموو جیهاندا روویانداوە، کە هەندێکیان دژی حکومەتی ئێران بوون و هەندێکی تریش دژی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بوون.

لە ئەمریکا، دیمەنی خۆپیشاندانەکان زۆر گۆراوە و بووەتە رووبەرووبوونەوەیەکی سیاسی قووڵ. لەو کاتەوەی یەکەم چەخماخەی شەر لە کۆتایی شوباتدا لێدرا، شەقامەکانی واشنتۆن و نیویۆرک پر بوون لەو هاوڵاتیانەی کە دژی تێوەگلانی راستەوخۆی سەربازانی ئەمریکین لەم جەنگەدا. راپرسییەکان نیشان دەدەن کە زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا دژی

ئەم شەڕەن؛ بەپێی ڕاپرسییەکی CNNو PBSلە مانگی ئازاری ٢٠٢٦، ٥٩%ی ئەمریکییەکان دژی هێرشەکانن بۆ سەر ئێران و ٥٦%یش دژی هەر کردارێکی سەربازین. تەنها ١٢%ی خەڵک لەگەڵ ناردنی هێزی وشکانین بۆ ئێرانن. چالاکوانان داوا دەکەن کۆشکی سپی دەستبەجێ بودجەی فریاگوزاریی سەربازی ڕابگرێت و پارەکان بۆ خزمەتگوزاری ناوخۆیی بەکاربهێنێت، چونکە پێیانوایە ئەم جەنگە ئەمریکا بەرەو قەیرانێکی تر دەبات، هاوشێوەی ئەوەی لە ڤێتنام و عێراق ڕوویدا.

لە پاریس، لەندەن، بەرلین و ڕۆما ملیۆنان کەس ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ترسیان لەوەیە کە ئەم جەنگە ببێتە سەرەتای جەنگی جیهانی سێیەم. لە ٧ی ئازاری ٢٠٢٦، زیاتر لە ٥٠,٠٠٠ کەس لە لەندەن خۆپیشاندانیان کرد دژی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. ڕاپرسییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا دژایەتییەکی بەرچاوی ئەم شەڕە نیشان دەدەن. بۆ نموونە، لە ئیسپانیا ٦٨%ی خەڵک دژی هێرشەکانن و ٥٧%یش پشتگیری بێلایەنی حکومەت دەکەن. لە ئیتاڵیا، ٥٦%ی بەشداربووان دژی تێوەگلانی سەربازین و ٤٨% پێیانوایە حکومەت دەبێت بێلایەن بێت و ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕێت. لە ئەڵمانیا، ٥٨%ی خەڵک پێیانوایە جەنگەکە ڕەوا نییە و ٧٥%یش نیگەرانن لە بڵاوبوونەوەی جەنگەکە، هەروەها متمانە بە ئەمریکا بۆ نزمترین ئاست لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا دابەزیوە و گەیشتووەتە ١٥%. لە بەریتانیاش، ٤٩%ی خەڵک دژی هێرشەکانن و ٥٨%یش دژی بەکارهێنانی بنکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانەن بۆ هێرشەکانی ئەمریکا.

ئەوروپییەکان کە ئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی کتوپڕی نرخی وزە و سووتەمەنی دوای ٢٨ی شوبات ناڵەیان لێ هەستاوە، فشارێکی توند دەخەنە سەر یەکێتی ئەوروپا تا ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕێت و ڕێگری بکات لە پەرەسەندنی زیاتری جەنگەکە بۆ سەر خاکی کێشوەرەکە.

بەڵام ڕەنگە جیاوازترین و گرنگترین نارەزایەتی لە ناوخۆی ئیسرائیل ببینرێت. لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران، کۆمەڵگەی ئیسرائیلی تووشی دابەشبوونێکی گەورە بووە. لە سەرەتای جەنگەکەدا، پشتگیری بۆ شەڕەکە لە ئیسرائیل زۆر بەرز بوو، بەجۆرێک کە لە دوو هەفتەی یەکەمدا زیاتر لە ٨٠%ی ئیسرائیلییەکان پشتگیرییان دەکرد. بەڵام ئەم پشتگیرییە بە تێپەڕبوونی کات کەمیکردووە. لە تەلئەبیب و قودس، هەزاران کەس دژی سیاسەتە سەربازییەکانی حکومەت دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە. لە ٢٨ی ئازاری ٢٠٢٦، زیاتر لە ١,٠٠٠ خۆپیشاندەر لە تەلئەبیب کۆبوونەوە، کە نیشانەی کەمبوونەوەی پشتگیرییە بۆ ململانێی بەردەوام. پۆلیس ١٨ کەسی لە شارەکانی تەلئەبیب، حەیفا و قودس دەستگیرکردووە. خۆپیشاندەران دەڵێن ئەم جەنگە نەک هەر ئاسایشی نەهێناوە، بەڵکو ژیانی ملیۆنان هاوڵاتی خستووەتە ژێر هەڕەشەی موشەکی و ناسەقامگیرییەکی هەمیشەیی، و داوای ڕێککەوتنی سیاسی و ئاگربەستی خێرا دەکەن.

ئەم جوڵانەوە جیهانییە نیشانەی ئەوەیە کە ویژدانی گشتی چیتر بەرگەی جەنگی وێرانکەر ناگرێت. دروشمەکان لە هەموو شوێنێک یەک دەنگن: "ئەم جەنگە هی ئێمە نییە". جیاوازیی ئەمجارە ئەوەیە کە نارەزایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر بازاڕەکانی جیهانیش هەبووە؛ مانگرتنی کرێکارانی کەرتی گواستنەوە و وزە لە چەندین وڵاتی ئەوروپی، پەیامێکی ڕوونە بۆ سەرکردەکان کە بەردەوامیی ئەم جەنگە تێچوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر گەورەی دەبێت. لایەنی ئابووری بووەتە بزوێنەری سەرەکی بۆ خەڵکی چینە مام ناوەند و هەژارەکان. لەگەڵ هەر ڕۆژێکی تێپەڕبوونی ئەم جەنگە، هەڵاوسان لە ئەمریکا و ئەوروپا ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێت. بەرزبوونەوەی ١٠% لە نرخی نەوت دەتوانێت هاوسەنگیی ژمێریاریی وڵاتان بە ڕێژەی ٤٠-٦٠ خاڵی بنچینەیی تێکبدات. هەروەها، ٢٥% بۆ ٣٠%ی نەوتی جیهان کاریگەریی بە ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبێت. ئەمە وایکردووە کە نارەزایەتییەکان تەنها ڕەهەندی مرۆییان نەبێت، بەڵکو ببێتە کێشەیەکی ناوخۆیی بۆ حکومەتەکان کە چۆن وەڵامی هاوڵاتیانی خۆیان بدەنەوە کە نایانەوێت باجی جەنگێکی دوورەدەست بدەن.

سۆشیاڵ میدیا لەم قۆناغەدا بووەتە بەرەیەکی تری شەڕەکە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی ئاشتی. بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی وێرانکارییەکانی دوای ٢٨ی شوبات، وایکردووە تەنانەت ئەو کەسانەشی کە بێلایەن بوون، بێنە ناو ڕیزی نارەزایەتییەکان. ئەم پەیوەندییە خێرایەی زانیارییەکان، ڕێگەی نەداوە حکومەتەکان بتوانن جەنگەکە وەک "پێویستییەکی ئاسایشی نەتەوەیی" بە خەڵک بفرۆشنەوە و ڕووی ڕاستەقینەی کارەساتەکەی دەرخستووە.

لەکۆتاییدا، ئەم نارەزایەتییە فراوانە کە جیهانی گرتووەتەوە، تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ دیموکراسی و دەسەڵات. ئەگەرچی شەڕەکە لە ٢٨ی شوبات دەستپێێکرد، بەڵام مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەنگی شەقام و فشاری جەماوەری دەتوانێت گەورەترین ئامێرەکانی جەنگ پەکبخات. ئێستا چاوی هەموو جیهان لەسەر ئەوەیە کە ئایا سەرکردەکان گوێ لە هاواری ملیۆنان کەس دەگرن بۆ ئاشتی، یان بەردەوام دەبن لە نوقمکردنی جیهان لە ناو خوێن و وێرانکاریدا.

سەرچاوەکان:

1. Statista: Iran conflict and its 2026 escalation – statistics and facts
2. ACLED & Reuters: Protests sweep around the globe as war in Iran continues
3. CNN: CNN poll: 59% of Americans disapprove of Iran strikes
4. Anadolu Agency: Polls show majority of Europeans oppose US, Israeli strikes on Iran
5. IMF: How the War in the Middle East Is Affecting Energy, Trade, and...

# لایەنە کوردیەکانی ئێران لەبەردەم فرسەتێکدا..!

## عوسمانی حاجی مارف

بزووتنەوەی کوردایەتی، یەکێک لە کۆنترین پێکهاتەی هێزی ڕێکخراوەیی ئۆپۆزسیۆنیە لە ئێراندا، لە چالاکی سیاسیاندا وەک نوێنەرایەتی یەکێک لە کەمینە گەورەکان خۆی دەردەخات. کوردەکان، لە دوای فارس و ئازەریەکان، سێهەمین نەتەوەی ئەو وڵاتەن، پارتە کوردیەکان لە گەڵ ئەوەی لە مێژە بەناوی مەسەلەی کوردەوە، چالاکی سیاسی بەڕێوەدەبەن، لەهەمانکاتدا بەئاشکرا دژایەتیان بەرامبەر بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و هێزی رادیکاڵ و کۆمۆنستی نیشانداوە، هەوڵیشیانداوە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازی ئێران دروست بکەن، کە ئامادەن دان بە فرەچەشنی نەتەوەیی ئێراندا بنێن و یەکگرتویی و دیموکراتی، بۆ ئێران و مۆدێلی حوکمڕانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیان گرتۆتەبەر، بەڵام ئەوەی شایانی باسە، لاوازی و دوبەرەکی لەناو بزوتنەوەی بەرفراوانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازی ئێراندا، ئەم هەوڵانەی ئاڵۆز کردووە، چونکە بەشێکی لایەنەکان بەردەوامن لە داکۆکیکردن لە دیدگایەک، کە تەنها جەخت لەسەر حوکمڕانی ناوەندبونی دەوڵەتی ئێران دەکەن.

لایەن و هێزە کوردیەکان، پێیانوایە دۆخی ئەم جەنگەی ئێستا، ساتەوەختی فرسەت و دەرفەتێکی سنووورداری ئەرێنی بۆ ڕەخساندون، بۆیە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناسیۆنالستی کورد، لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکاندا، بەناوی هاوپەیمانی و بەرەی میللی کوردەوە خەریکن خۆیان ڕێکدەخەنەوە، لەکاتێکدا کە ڕێڕەوی ستراتیژی فراوانتری ململانێکانی ئەمریکاو ئێران و جەنگەکەیان، تا ئێستا نادیارە و یەکلایی نەبۆتەوە لە ئایندەیەکی تەواو ئاڵۆزدایە.

هەروەها سەرکردە سیاسیە کوردەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەگەر ناکۆکی ناوخۆی ئێران هەڵگیرسێت و بشێوێت، یان گواستنەوەی سیاسی کە دەسەڵاتی ناوەندگەرایی دابمەزرێنێتەوە، جارێکی دیکە ناوچە کوردستانیەکان، دەکەوێتەوە بەر مەترسی، واتە دەکرێت کوردستان ببێتە ئامانجی سەرەکی، هەر ڕژێمێکی تری دەسەڵاتداری لایەنە کۆنەپەرست و توندڕەوەکانی بۆرجوازی لە ئێراندا، هاوکات بەگشتی هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لایەنە کوردیەکان بۆ ئەگەری گۆڕانکاری خێرا، لە ناوخۆی ئێراندا هەوڵئەدەن بە پشتیوانی ئەمریکا و ئیسرائیل، خۆیان ئامادە و ڕێکخراوکەن بۆ ئامانجێکی ناتەبایی کە خۆیان دەیانەوێت، تا ئایندەی هێزەکانیان لە کوردستاندا پێگەیەک بۆ ئایندەی هەژمونی و دەسەڵات بەدەست بهێنن!، نەک گرتنەبەری ڕێڕەوێک کە ئایندەی خواستەکان و مافەکانی جەماوەری کوردستانی تیا بەدەست بێت، بە گەڕانەوە بۆ دەور و دەخالەتی ڕاستەوخۆی ئیرادە و ڕای خەڵک کە بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن.

لە تەواوی ٤٧ساڵەی حوکمرانی کۆماری ئیسلامیدا، خواستی لایەنەکانی ناسیۆنالستی کورد بۆ "ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزیەت و فیدارلیەت"، لەهەمانکاتدا خواستەکانی خەڵکی کوردستان، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تەماشا کراوە، بە مەیلی جوداخوازی و دوژمنکاری ناوزەدکراوە، ئەمەش لەلایەک بووەتە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی بەردەوام لە نێوان ڕێکخراوە سیاسیە کوردیەکان و کۆماری ئیسلامیدا، لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی نارەزایەتی جەماوەری بەرفراوان.

لە دنیای واقعی سیاسی ئێراندا، کوردستان بووە بە یەکەم مەیدانی جەنگی گەورە بۆ سوپای پاسداران، ئۆپەراسیۆنە سەرەتاییەکانی سوپای پاسداران و سوپای نیشتمانی ئێران، شار و گوندەکانی کوردستانیان کردە ئامانج و لە ئەنجامدا لە ساڵانی سەرەتای دوای شۆڕشی ١٩٧٩وە، دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی بونە قوربانی.

پێکدادانی چەکداری نێوان هێزە کوردیەکان و حکوومەتی ئێران، بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەردەوام بوو، بەڵام وردە وردە گۆڕانکاری بەسەرداهات و هێزە کوردیەکان، لەو دیوی سنورەکان لە کوردستانی عێراق بنکەکانیان جێگیر کرد، بۆ بەکارهێنانی خاکی کوردستانی عێراق بە مەبەستی چالاکیە سەبازیەکانیان. بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەکوردستانی عێراق، ئۆپەراسیۆنە سەربازیە بەردەوامەکانی سنوور بەزاندن، لەدژی ئێران سنووردار کران. لەهەمانکاتدا داخوازیەکانی لایەنەکانی ناسیۆنالستی کورد، لە چوارچێوەی بانگەوازی دروشمی دیموکراسی و مافی سیاسی و هەوڵدان، بۆ دانوسان لەگەڵ ڕژێم کاریان لەسەر کردووە.

لەسەروبەندی ئەم جەنگەی ئێستادا لایەنە کوردیەکانی ئێران، پێکهاتەی سەرکردایەتی ڕێکخراوەیی و باڵی چەکداری دەپارێزن، لەوانە "پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران"KDPI، "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)"، "پارتی ئازادیی کوردستان "(PAK)، "سازمانی خەبات"، " ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"، "حزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران"، ئەم گروپانە هاوکاتی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هاوپەیمانی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام لەوە ناچێت

هاوپەیمانیەکەیان سەنگین و مەحکەم بێت، زیاتر هاوپەیمانیەکی بەیناوبەینیە، ڕێکدەکەون و تێکدەچنەوە.

زۆرێک لەو گروپانە، بارەگا و بنکەیان لە کوردستانی عێراق جێگیرکردوە، لەوێش بەردەوامن لە مەشقی سیاسی و سەربازی، لەهەمانکاتدا پەیوەندیان لەگەڵ لایەنگرانیان لە ناوخۆی ئێراندا بەرێوەدەبەن، خاڵێکی گرنگ کە هۆکاری چالاکبونی ئەم رێکخراوانەیە، پشت بەستنە بە شوێنی جوگرافی کوردستان، بە قۆستنەوەی ناوچە شاخاویەکان و بارودۆخی سیاسی تایبەتی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سنووردار لە ناوخۆی ئێراندا، لەهەمانکاتدا بونی ئەو گروپانە لە کوردستانی عێراقدا، لە ناو تۆرێکی ئاڵۆزی پەیوەندیەکاندا دەرگیرن، کە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئێران و تورکیا تێیدا بەشدارن، لەهەمانکاتدا وەک گروپی ناپەیوەند بە خەڵکەوە، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەبون هێزێکی دەرەکی کۆماری ئیسلامی بروخێنێت!.

هەروەها وێرای دەیان ساڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم لایەنە کوردیانە، بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامی، هەمیشە دیالۆگ و دانوستانیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، وەک بژاردەی ستراتیژیی پەسەندکراوی خۆیان لە پێشینە داناوە و هەوڵی وتووێژیان لەگەڵ حکومەتی ئێران داوە، بەڵام زۆرجار ئەم هەوڵانە بە توندوتیژی کۆتایی پێهاتووە، لەوانە تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملو، هەروەها سەرکردەکانی دیکەی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەدرێژایی ساڵان لە ڕووداوە هاوشێوەکاندا کراونەتە ئامانج، ئەمەش بێمتمانەیی قووڵی نێوان ئەکتەرە سیاسیە کوردەکان و دەوڵەتی ئێرانی زیاتر چەسپاندووە، بەڵام کاریگەری لەسەر دووبارەبونەوەی وتویژ لەگەڵ ڕژێم دانەناوە.

هەرچەندە هێزی سەربازی ئەم ڕێکخراوانە تارادەیەک سنووردارە، مەترسیەکی ستراتیژی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕژێم دروست نەکردووە، بەڵام سەرچاوەیەکی بەردەوامی نیگەرانی ئەمنین، بەتایبەتی لە ناوچە سنووریەکان و لە ماوەی گرژی ناوخۆییدا.

ئەوەی شایانی باسە، هاوکاتی ئەوەی پێشهاتەکانی ئەم دەورانەی فۆکسی جەنگەکە، لەسەر لاواز کردنی کۆماری ئیسلامیە، واشنتۆن داوای لەو گروپانە کردووە خۆیان ئامادە بکەن، بۆ چونە ناو خاکی ئێران و ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر سوپای ئێران و سوپای پاسداران، ئەمەش لە هەنگاوێکی ئەمەریکا-ئیسرائیل، بە ئامانجی دووبارە ئیستغلالکردنەوەی کارتی لایەنە کوردیەکانە لە دژی تاران، لە چوارچێوەی ململانێیەکی ستراتیجی فرە بەرەیدا.

هەر بەو ئومێدە لایەنە کوردیەکان، لە هەوڵی ڕێکخستەوەی ئەندامان و دۆستانی ڕێکخراوەکانیانن لەناوخۆی ئێراندا، تا ئامادەکرنی خۆیان بۆ چونە ناو ئێران و ئامادەکاریەک، لە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەیەکدا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕی سەربازی، لەبەرامبەر سوپای پاسداراندا، ئامانج لەم کارەیان بە جیا لەوەی ئاکامەکەی بەچی دەگات و چ دۆخێک و کارەساتێک، بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دەخولقێنێت، گرنگ بۆ ئەوان هەوڵدانە بۆ هەژمونی و باڵادەستی هێزەکانیان، بەسەر دۆخەکەدا و بەڕێوەبردنی هەر ناوچەیەک بەدور لەدەورو ئیرادەی خەڵکی.

بەدوای هەر پاشەکشەیەک کە سوپای پاسداران، لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا ناچار بێت بیکات، ئەو لایەنە کوردیانە وەک هێزی چەکدار هەژمونی خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە، کە ئەگەری ئەوەش زۆرە، ناوچەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

واتە ئەگەر دابەشبون و پاشەکشە لەنێو دامەزراوە ئەمنیەکانی ئێراندا سەرهەڵبدات، ناوچە کوردنیشینەکان دەتوانن ببنە فرسەتێک و خاڵی سەرەکی بۆ هێژمونی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردیەکان و ناوچەیەک بۆ هەر لایەنێکیان دابین بکات، بەڵام ئەمەش بە مەرجی بویان سەردەگرێت کە پێشوەخت توانایی ڕێکخستنی جەماوەری بۆ دەسەڵات و هێزی سەربەخۆی جەماوەری ئامادەییان نەکردبێت و شوراکانیان دانەمەزراندبێت.

لەلایەکی ترەوە، بەو پێیەی هەرسیستەمێکی سیاسی، لە ئایندەی ئێراندا و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان نەگەڕێنەوە بۆ ڕای خەڵکی لە دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکاندا، یان گەر ڕێگە بە دەسەڵاتی "لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی ناوچەیی" تا ئاستی جیابونەوە نەدات، پەیوەندیەکانی ناوخۆی ئێران وەها دەشێوێنێت، کە لە بری هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئێران نوقوم دەکات لە شەڕی ناوخۆی قەومی، کەڕاگرتنی سەخت دەبێت.

ئەمەش ئەو ئەنجامگیریەی لێ بەرهەم دێت، کە چارەسەری یەکلایی کەرەوە، بۆ پرسی کورد گەڕانەوە بێت بۆ ڕای خەڵکی لە رفراندۆمێکدا، تابڕیار لەسەر مانەوە یان جیابونەوەی کوردستان بدات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا، ئەوەی شایانی باسە لە دۆخی ئەم جەنگە وێرانکاری و دژە بەشەریەدا، خەو خەیاڵێکی کاڵفامانەیە، وەک فرسەتێک بۆ ئایندەیەکی ئەرێنی دەربارەی کێشەی کورد پێشبینی لێ بکرێت، بەڵکو هەڵوێستی ئینسانی ئێستا وەستانەوەیە دژی ئەم جەنگە و بەرزکردنەوەی خواستی بێ مەرجی کۆتایی جەنگە.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com